

**WeBSafe، یک همراه سفر که مهاجرت را ایمن تر می کند**

## ئاگاداری مەترسییەکانی سەر ڕێگاکە بە بۆ نموونە بازرگانیکردن بە مرۆڤ!

ئەو کەسانەی لە ڕۆیشتن و جوڵانەوەدان پێداویستی جیاوازیان هەیە و ڕەنگە هەندێک جار لە کەسانی تر لاوازتر بن، بەتایبەتی کاتێک لە زمانی وڵاتەکە تێناگەن. هەندێک کەس سوود لەم لاوازییە وەردەگرن بۆ قۆستنەوەی کۆچبەران بۆ مەبەستی جیاواز هەر وەک:

- ✔ بۆ ئیشپێکردنی بەزۆر: زۆرجار بە ناچارکردنیان بە کاری درێژخایەن و پێدانی پارەی کەمتر لە کەسانی تر و هەڕەشەکردن ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتن بدات
- ✔ بۆ ئەنجامدانی تاوان: بە ناچارکردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی نایاسایی وەکوو سواڵکردن کە لە هەندێک وڵات قەدەغەیە یان یارمەتی ئەو کەسانەی تر کە لە جووڵەدان بۆ پەڕینەوەی نایاسایی لە سنوور.
- ✔ بۆ چەوسانەوەی سێکسی: لەڕێگەی ناچارکردنی ژنان و کچان و هەروەها هەندێک جار پیاوان و کوڕان بۆ بەکارگرتنیان لە لەشفرۆشیدا، یان لەڕێگەی مامەڵەی خراپی سێکسی لەگەڵ ئەواندا.

## پاڵپشتی و یارمەتی گونجاوە لەگەڵ پێداویستییەکانت

ئەو کەسانەی لە ناوچەکەدا لە جووڵانەوەدان لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە و بە کلتوری جیاوازوە هاتوون و بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان زۆرجار خۆیان لە بارودۆخێکدا دەدۆزنەوە کە پێویستیان بە یارمەتی یان پاڵپشتییە. ئەگەر نەخۆش کەوتویت و پێویستیت بە چاودێری پزیشکی بەپەلە هەیە، پێویستت بە خۆراک و شوێنی مانەوەیە، ئەگەر پێویستت بە پاراستنی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ترست هەیە لە سەلامەتی خۆت یان منداڵەکانت (یان منداڵانی تر کە بۆیان بەپەرۆشی)، ئەگەر خەڵک مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کردوویت و پێویستە بپارێزرێیت، و ئەگەر مافەکانت پێشێلکراوە و دەتەوێت خۆت لە مافەکانی خۆت ئاگادار بکەیتەوە، بە یارمەتی پارێزەرێکی شایستە خزمەتگوزاری جیاواز هەیە بۆ پشتگیری کردنت،

ئەپلیکەیشنی WeBSafe App ڕێنماییت دەکات بۆ ئەوەیکە خزمەتگوزاری پێویستی خۆت دیاری بکەیت و زانیاری نوێت بۆ دەستەبەر دەکات لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی کردن بەم خزمەتگوزاریانە، هەمووی ئەمانە بە زمانێکە کە دەتوانیت لێی تێبگەیت.

## ئەو خەڵکەی بە درێژایی ڕۆژئاوای باڵکان لە جووڵانەوەدان

ئەو خەڵکەی بە درێژایی ڕۆژئاوای باڵکان بەڕێوەن ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە کە زۆرجار لەژێر کاریگەری یاسا و سیاسەتەکانی هەر وڵاتێک لە هەموو ناوچەکەیە. هەندێکیان خەریکی پرۆسەیەکی کۆچکردنی چالاکن، و بە شێوەیەکی یاسایی یان نایاسایی بەناو وڵاتانی جیاوازدا تێدەپەڕن. ئەوانی تر لە وڵاتێکی دیاریکراودا ئامادەن و پلانیان نییە لە ماوەیەکی کورت یان مامناوەنددا دوورتر بڕۆن. هەندێک کەس لەوانەیە بەفەرمی ناویان تۆمار کردبێت و هەربۆیە بەشێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی وڵاتێک بن و لەکاتێکدا هەندێکی تریشیان لەوانەیە بوونی خۆیان بەدەسەڵاتداران ڕانەگەیاندبێت و بۆیە بەنائاسایی لەو لاتدا دەمێننەوە. ئەم جیاوازیانە لە بارودۆخ و باری ئیداریدا کاریگەری گرنگیان هەیە لەسەر ئاسایش و بەتێکڕایی ئاسایشی ئەوان و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پیاوان، ژنان و منداڵان کە لە ناوچەکەدا لە جووڵانەوەدان ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە و هەندێک پێداویستیان هەیە کە دەکرێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەپڵیکەیشنی WeBSafe App زانیاری پەیوەندیدار دەخاتە بەردەستت بەو زمانەی کە دەتوانی لێی تێبگەیت بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەت و باری ئیداری تۆ ڕێگەت پێدەدات تاکوو بگەیت بە پاڵپشتی و یارمەتی پێویستی خۆت.

